**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مادە سێ دەخەینە دەنگدانەوە. چ تێبینیەک نییە؟ کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا. وەکو بڕیار ئەم هەموار کردنە دەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بڕیارەکە بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

خاڵی سێ لەبەرنامەی کارمان یاسای بەرابەر کردنی بڕوانامەی خوێندنی ئایینی لەکوردستاندا، فەرموو مامۆستا مەلا محسن ئەگەر تەشریف بێنیتە ئێرەوە لەگەڵ لیژنەی یاسا، روون کردنەوەیەک لەسەر ئەو بابەتە هەیە.

**بەڕێز مەلا موحسین خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماوەیەکە دەمانەوێ کە بڕوانامەی خوێندنی ئیسلامی سەر بەوەزارەتی ئەوقاف ڕەسمیەتێکی هەبێت. بڕیار دراوە لەسەر هەمواركردنی ئەو بڕوانامەیەی قۆناغی ناوەندی ودواناوەندی وەکو خوێندنی ئەکادیمی لەناوەندی ودواناوەندی بەرەسمی حیسابی بۆ بکرێ، هەم بۆ دامەزراندن و هەم بۆ وەرگرتن لەو زانکۆیانەی کە تایبەتمەندار بەئیسلامین، واتە لە کۆلیژەکان و خوێندنی ئیسلامی بتوانن لەدوای شەشی دواناوەندیی وەربگیرێن، دیارە ئەمەش کاتی خۆی بڕیاری ئەو قوتابخانە ئایینیانە لەحکومەتی مەرکەزیدا دراو هەشت پۆلە. ئەم هەشت پۆلە پۆلی یەکەمیان دوای تەواو کردنی قۆناغی شەشی سەرەتایی لەوێ وەردەگیرێ بە بڕیارێکی تایبەتی. ئەم شەش ساڵی یەکەمیان، ئەوەی لێرە کە لە پرۆژەکەدا هاتووە تەنها مەبەستەکە شەش ساڵی یەکەمیانە ومەبەستەکە قۆناغی حەوت وهەشت نییە، قۆناغی حەوت وهەشت ئەوە دوایی بە پرۆژەیەکی تر باسی لێ دەکرێ، ئێستا ئەوەی کە لەبەردەستمان دایە تەنها ئەوەیە قۆناغی سێی ناوەندی خوێندنی ئیسلامی سەر بەوەزارەتی ئەوقافە لەگەڵ شەش، کاتێک کە دەردەچن بەرابەری ئەم بڕوانامەیان بکرێ بەقۆناغی سێی ناوەندی خوێندنی اکادیمیەی سەر بەوەزارەتی پەروەردە لەگەڵ شەشەکەی، بۆ مەبەستی وەرگرتن و دامەزراندنیان بە وەزیفەی ئیمام لەگەڵ ڕێزماندا، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس مامۆستا، لیژنەی یاسا ڕاپۆرتێکیان هەیە دەربارەی ئەو بابەتە با بفەرموون.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

چەند شتێک لەپرۆژەکەی وەزارەتی ئەوقافدا هاتووە، ئەوەی کەسەرۆکی لیژنەی ئەوقاف فەرمووی لەگەڵ بابەتی دانیشتگا دەورەیەکیان کردۆتەوە لەئەوقاف داوایان کردووە ،کە دبلۆمیان پێ بدرێ ئێمەش لیژنەی یاسا ڕامان لەسەر پرۆژەکە ئەوەیە ئێستاکە بۆبەڕێزتانی دەخوێنینەوە:

ورد في مشروع قانون معادلة شهادة المدارس الدينية التابعة لوزارة الاوقاف والشؤون

الاسلامية عدة مواد متفرقة ممكن معالجتها من قبل جهات اخرى دون الحاجة الى اصدار تشريع بذلك عليه فان :

١- طلب تخصيص عشرة مقاعد دراسية لخريجي الدراسة الاعدادية من العشرة الاوئل في كليات الشريعة ـ الاداب قسم الدراسات الاسلامية غير وارد لان هذا الموضوع هو من اختصاص القبول المركزي والسياسة التعليمية لمجلس التعليم العالي في الاقليم.

٢- ان طلب اعتبار السنتان الدراسيتان في معهد الائمة والخطباء لوزارة الاوقاف والشؤون الاسلامية سنتين تقويميتين لغرض التعيين في الوظائف الدينية ومنحهم شهادة دبلوم هو الاخر غير وارد لاصدار تشريع بذلك ،حيث ان هذا الموضوع يتطلب معالجته بالتنسيق مع وزارة التربية ومجلس التعليم العالي لان شهادة الدبلوم العالي لايمكن منحها اعتباطا من قبل الوزارات الابعد تقييم المناهج الدراسية من قبل الجهات ذات الاختصاص.

٣- ان طلب اعفاء الائمة والخطباء من الخدمة الالزامية غير وارد قانونا، حيث ان قانون الخدمة الالزامية لم يطبق في الاقليم، ومن الممكن النظر في الموضوع بعد تطبيق ذلك القانون.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن، هەروەها داواکەی ئەوانە ئەگەر پەیمانگا کرابێتەوە پێویستە بە یاسا بکرێتەوە. ئەگەر یاسا هەیە پێویست نییە یاسا دابنرێت وئەگەر یاساش نییە پێویستە ئەو پەیمانگایە دیراسەت بکرێت، هەڵسەنگاندنی پرۆگرامەکانی لەلایەنی هونەرییەوە و بریار بدرێ کە ئەو بروانامانە چییە؟ ئەگەر پێویست بە یاسا بوو ئەو کاتە بەرز دەکرێ ویاسایەکی بەرامبەری بۆ دەردەچێ، سەبارەت بە بەرابەر کردنی بروانامەی قوتابخانەکانی ئەوقافیش ئەوەش بە پرۆژە کردوومانە، چونکە توانا هەیە لەبەر ئەوەی تاقیکردنەوەی وەزاری دەدەن وئێستا پرۆژەکەمان ئامادە کردووە بەبڕگەیەک ئەویش بەرابەری بروانامەی ئەو قوتابخانە ئایینیانەی کە سەر بەوەزارەتی ئەوقافن، بەرابەری دواناوەندی وناوەندییە بۆ کۆلیژی شەریعە وکۆلیژی ئاداب بەشی خوێندنی ئیسلامییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ کاکەرەش لە لیژنەی یاسا بۆ ئەو ڕوونکردنەوانەی. فەرموو مامۆستا مەلا محەمەد تاهیر.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ڕاپۆرتی لیژنەی یاسا لە شوێنی خۆیەتی بەڵام تێبینی من لەسەر ئەوە کە لە بنەڕەتدا ئەو یاسایەی کە دامەزراندنی قوتابخانەکەی پێ کراوە دوا قۆناغەکەی کە پێی دەڵێن حەوت وهەشت بە دبلۆم حساب کراوە، ئێمە لەگەڵ ئەوەین، ئێمە حکومەتی هەرێم لەگەڵ خوێندنی باڵا، لەگەڵ لیژنەی تایبەتمەند داوا کراوە قۆناغی کەپێی دەڵێن حەوت وهەشت ناوی بنرێ بە (معهد العالی للائمە والخطباء)واتە ئێمە هیچ یاسایەکی زیادمان داوا نەکردووە لە پرۆژەی ئەوقاف، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

کاکەڕەش فەرموو.

**بەڕێز کــاکـــەڕەش مـــحـــەمـــەد نەقـــشـــبـــەندیی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

وەکو بەڕێز مامۆستا محەمەد تاهیر فەرمووی ئەگەر یاسا و بڕیار هەیە، لە حکومەتی مەرکەزی یاساکە کاری پێکراوە (نافذ المفعول) پێویستی بە یاسادانانێکی نوێ نییە، ئێمە یاسایەکی بۆ دابنێین، ئەگەر شتێکی تازەش بێ ئەبێ دیراسەت بکرێ لە هەموو ڕوویەکی هونەریەوە. لە زانکۆ و خوێندنی باڵا و وەزارەتی پەروەردە وئینجا پرۆژەیەکی پێ پێشکەش بکرێ، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

فەرموو مەلا محسن.

**بەڕێز مـــەلا مـــوحـــسین خـــالیـــد مـــســـتـــەفـــا:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئەگەر بکرێ خاڵی یەکەمی ئەم بابەتە بکرێتە بڕیار، لە دوای خاڵی یەکەمی ئەو بابەتە خوێندنی باڵایە ئەو کاتە قسەیەکی لێ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

پرۆژەکە بەو شێوەیە هاتووە کە لیژنەی یاسا دەی خوێنێتەوە، ئەمە داخلی بەرنامەی کاری ئێمە بووە، ئەو ڕاسپاردانەی کە بە شێوەی ڕاپۆرت خوێندرایەوە لەلایەن (کاکەڕەش)ەوە ڕای لیژنەی یاسا بوو دەربارەی ئەو پرۆژەیە بەگشتی. جارێ ئێمە بەرنامەی کارمان ئەم بڕیارەیە وئەم بڕیارەش دەخەینە گفتوگۆوە، ئێستاکە ئەگەر چ پێشنیارێکی تر هەبوو یا هەر پرۆژەیەکی تر بە دەستەوە بێ ئەوە بە پێی پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان پێشکەشی بکەن ئێمە بەرچاوی لیژنەی پەیوەندیدار وئەنجوومەنی وەزیرانی دەخەین بۆ ئەوەی بڕیارێکی لەسەر بدرێ. ئێستا ئەمەمان لەبەر دەست دایە، فەرموو کاکەڕەش.

**بەڕێز کــاکـــەڕەش مـــحـــەمـــەد نەقـــشـــبـــەندیی:**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار

تأريخ القرار

قرار

استناداً الى احكام الفقرة الاولى من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم« ١ » لسنة ١٩٩٢ وبناءاً على ما عرضه وزير الاوقاف ووافق عليه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني

في كلية الشريعة وقسم الدراسات الاسلامية في كلية الأداب بجامعات الاقليم وذلك بعد اجتيازهم الامتحانات الوزارية المقررة قانوناً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێش ئەوەی ماددەی یەک بخەینە دەنگدانەوە، دەرگای گفتوگۆ کراوەیە، با ناونووس بکەین. تەنها د.ادریس. فەرموو کاک ئیدریس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بەرابەر کردنی بروانامەکان ئەوەی کە هاتووە،سەبارەت بە مەدارسی ئیسلامی لەگەڵ دواناوەندی دەبێ ڕێژەیەکی دیاری کراو هەبێ لەو بابەتانەی هاوبەشن ، من نازانم مەنهەجی ئەوەی ناوەندی و دواناوەندیە دینیانە، نەم دیوە بەتەواوی ،بەڵام دەبێ ئەو وانانەی کە هاوبەشن لە ٧٠٪ یا ٧٥٪ وەکویەک بن ، ئەوە یەک ،دوو لێرەکە لە یاساکەدا هاتووە دەڵێ دەبێ (التابعة لوزارة الاوقاف والشؤون الاسلامية بشهادتي الدراسة المتوسطة والاعدادية) پێویستە هێلێکی لار دابنرێ بەشی(الادبی) ،چونکە لەگەڵ بەشی زانستی بەرابەر ناکرێ ،کەباسی وشەی دواناوەندی دەکا دەبێ بەشەکەشی لەگەڵ دیاری بکا، چونکە لەوەی یەکەم نزیکترە لە پەیوەندی بە کۆلیژی ئادابەوە. سێیەم کە دەڵێ: (بعد اجتيازهم الامتحانات الوزارية المقررة قانوناً). ئەوە کامە تاقیکردنەوەی وزارییە؟ قوتابخانەی ئاینی یان بەشی ئەدەبی دواناوەندییە؟ واتە لێرە ئەگەر بێ تاقیکردنەوەی وزاری بەشی ئەدەبی ببڕێ ئەو کاتە پێویستی بە هاوجێ کردنی مەنهەجەکە زۆر نابێ، بەڵام ئەگەر نا دەبێ برگەیەک زیاد بکرێ یان ماددەیەکی تر بخرێتە سەری بەپێی (ضوابط)ێکی تایبەتی کە بۆ پرۆگرامەکان دادەنرێ و لە لیژنەیەکی تایبەتی بەراوردی پێ دەکرێ، واتە دەبێ ئەوەش بکرێ یا زیاد کرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز کاک ڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پاش ئەوەی کە ئەو پرۆژەیە دیراسەت کرا لەلایەن وزارەتی پەروەردەو لیژنەی پەروەردەوەی پەرلەمانەوە، پاش هاوجێ کردنی پرۆگرام کە لە (٨٠٪ )ی پرۆگرامەکانی هاوبەشە لەگەڵ دواناوەندی ئیسلامی کە ئەوی بروانامەی خۆیان ئاساییەو بەرابەری دواناوەندییە، لەبەر ئەوە وتیان لاریمان نییە چونکە (٨٠٪ )ی پرۆگرامەکانیان وەکو یەکە، دووەمیش لەبەرئەوەی کە ئێستا کاک دکتۆر فەرمووی خوێندنی ناوەندی و دواناوەندی بەشی ئەدەبی، عادەتەن ئەو وشەیە ناوترێ کە وتت دەرچووانی ناوەندی یا دواناوەندی ئەدەبی و عیلمی تیا نییە. دەمێنێتەوە مەسەلەی دواناوەندی و دیاریشمان کردووە، زانستی و ویژەیی جیاوازی نییە بۆ دامەزراندن هەر دەرچووی ئامادەیی وا دادەنرێت، دوو جێگاشمان وتووە لەکۆلیژی شریعە بەشی خوێندنی ئیسلامی تەنها

ئەدەبی وەردەگیرێ وە دیاریشمان کردووە، لەبەر ئەوەی سیفەتەکە دیاری کراوە بۆ جێگای وەرگرتنیان. بۆ دامەزراندنیش جیاوازی زانستی و ویژەیی نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د. قاسم فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەویدا تاقیکردنەوەی وەزاریی وەکو دەزانرێت وەزارەتی پەروەردە دەیکات. باشە تاقیکردنەوەی قوتابییەکانی سەر بە وەزارەتی ئەوقاف کێ دەیکات؟ ئاخۆ ئەو تاقیکردنەوانە پەیڕەوی یاسای پەروەردە دەکەن؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاکەڕەش.

**کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاسای تایبەتی هەیە، یاسای تاقیکرنەدەوەکانی وزاری خوێندنی ناوەندی ئیسلامی و پرسیارەکان وەکو یەک دەبن(موحد) دەبێ، مەرکەزی دەبێت، لە وەزارەتەوە پرسیارەکان دەردەچێ و کۆنترۆلیشیان یەک کۆنترۆڵە پێکەوە چاک دەکرێ بۆیەش ئێمە ئەو وشەمان بەکار هێنا بەئیعتبار یاسا چۆنیەتی برینی تاقیکردنەوەکەی دیاری کردووە. تاقیکردنەوەکان چۆن دەکرێ، لەسەر ئەو بنەمایە ئەو وشەیەمان بەکار هێنا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو پێشنیارێک ئەگەر گفتوگۆ کردنی ئەم پرۆژەیە لەم کۆبوونەوەیە دوابخرێ بۆ کۆبوونەوەی ئایندە، بۆیە ئەم پێشنیارە دەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم پرۆژەیە لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆکە دوا بخەین بۆ کۆبوونەوەیەکی تر؟ دواخستنی بۆ ئەوەیە تۆزێکی تر دیراسەت بکرێ، بۆ ئەوەی برادەران زیاتر لەم بابەتە زانیارییان هەبێ، چونکە لە کاتی گفتوگۆ دەرئەکەوێ تۆزێک تێکەڵاوی (ألتباس) هەیە لە بنەمای پرۆژەکە خۆی کە هاتووە ئەوە لەلایەک، لەلایەکی تر لیژنەی پەروەدەش دیارە ئەبێ رای هەبێ لەم بابەتە، راپۆرتیان تا ئێستاکە ئامادە نەکردووە بۆیە دوای ئەخەین بۆ کۆبوونەوەی ئایندە، فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرۆژەی وەزارەتی ئەوقاف (٢٥) ماددەیە ئەوەی لیژنەی یاسا پەسەندی کردووە هەریەک ماددەیە ئەوە من واپێشنیار دەکەم وەزیر خۆی ئامادەبێ هەتا ماددەکانی تر بە ئامادەبوونی وەزیری ئەوقاف گفتوگۆ بکرێن، زۆر سوپاس.

(مكتب وكيل الوزير: يرأسه موظف بوظيفة سكرتير ويعاونه عدد من الموظفين حسب الاقتضاء.

المادة الثانية:

تعدل المادة السابعة الفقرة اولاً ويضاف عضو آخر في عضوية المجلس الاعلى للاوقاف والشؤون الاسلامية وتقرأ كالآتي:

(ج: حاكم من الصنف الاول - عضواً)

المادة الثالثة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن، ئینجا ڕاپۆرتی لیژنەی یاسا بە پێویستی نازانێن هەمواری ئەم یاسایە بکرێ لەبەر ئەو هۆیانەی کە ئێستا بۆ بەڕێزتان وبرادەران دەخوێنینەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

فەرموو بخوێنەوە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

السيد رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق المحترم بعد التحية والاحترام.

نود ان نبين رأي لجنتنا بصدد ما هو مطلوب من تعديلات في المشروع المقدم من قبل وزارة الاوقاف والشؤون الاسلامية:

١- بصدد مدراء المكاتب للوزير ووكيل الوزارة فأن هذا التخصيص هو عام بالنسبة لكافة الوزارات، فلا نرى فرقاً يذكر بالنسبة لموظف بدرجة مدير وسكرتير، حيث التسمية لا تدعو لتعديل القانون في حين لن تكون النتيجة بشئ ملموس غير التسمية.

٢- لقد نصت المادة السابعة فقرة اولاً /ج من القانون المذكور ما يلي:

ج- للمجلس الاستعانة بالخبراء عند الحاجة وبطلب من الوزير.

فيجوز برأي لجنتنا للوزير ان يستعين في اجتماعاته(اي اجتماعات المجلس الاعلى) بحاكم أو باحد السادة القضاة ويجوز له ان يجعله خبيراً دائميا في المجلس او خبيراً وقتياً عند الاقتضاء.

فلا حاجة لتعديل القانون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە سەبارەت بە ڕای لیژنەی یاسا لە ڕووی یاساییەوە تەماشای بابەتەکەیان کردووە کە پێویست بەو هەموارکردنە ناکا، چونکە خۆی لەنێو خودی یاساکەدا هەیە. ئێستا ڕای لیژنە ئەخەینە دەنگدانەوە، چونکە ئەو پێشنیارەی ڕەتکردۆتەوە، وپاساویشی لە ڕووی یاساوە بۆ هێناوەتەوە کە نەکرێت. جا ئەگەر هیچ تێبینییەک هەیە لەسەر ڕای لیژنە با ناونووس بکەین. چوار کەس دەیانەوێ قسە بکەن. د.ئیدریس، د. رزگار. کاک سەفەرو مامۆستا مەلا تاهیر. فەرموو کاک ئیدریس.

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٧)

## دووشەممە ڕێكەوتی ١٦/٦/١٩٩٧

***كاتژمێری (١١)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی دوو شەممە ڕێكەوتی ١٦/٦/١٩٩٧ ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستان بە سەرۆكایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆكی ئەنجوومەن و بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سكرتێری ئەنجوومەن دانیشتنی ژمارە(٧)ی ئاسایی خولی یەكەمی ساڵی ١٩٩٧ی خۆی سازدا. بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستان و سكرتێری ئەنجوومەن ڕادەی یاسایی كۆبوونەوەیان چەسپاند، ئامادەبووان (٥٤) ئەندام بوون بەرامبەر بە ئامادەنەبوونی(٤٧) ئەندام.***

***ناوی غائیبەكان:-***

***١- بەڕێز ئازاد عبدالقادر قەرەداغی(دەرەوە)، ٢- بەڕێز ئازاد فتاح رەشید میران(غائیب)، ٣- د.حەسەن حسین بەفری(دەرەوە)، ٤- د. ڕۆژ نوری شاویس(مۆڵەت)، ٥- بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی(دەرەوە)، ٦- بەڕێز موحسین صالح عبدالعزیز(غائیب)، ٧- بەڕێز یۆنادەم یوسف كەنا(مۆڵەت).***

***بەرنامەی كار:***

**** پرۆژەی یاسای بەرابەر كردنی بڕوانامەی خوێندنی قوتابخانە ئایینیەكان لەكوردستاندا.***

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنی ئەمڕۆمان بەناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێ ئەكات. بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان ١٦/٦/١٩٩٧یەک خاڵە، ئەو خاڵەش تەواو كردنی پرۆژەی یاسای بەرابەركردنی بڕوانامەی خوێندنی قوتابخانە ئایینیەكانە لەكوردستان دا. ئەگەر برادەرانی یاسا وئەوقاف تەشریف بێننە ئێرە، بۆ ئەوەی وەكو جارەكەی تر بەردەوام بین لەسەر ئیش وكارەكەی خۆماندا. جەنابی وەزیر ئەگەر چ موستەشارو یاریدەدەر پێویستە بێنە ژوورەوە، ئەو برادەرەی كە لەگەڵ وەزیری ئەوقاف هاتبوو بابفەرمووێ، كاتی خۆی ئەم پرۆژەمان دواخست بۆ كۆبوونەوەی ئەمڕۆ لەسەر ئەو بناغەیەی كە ئیستیشارەیەكی لیژنەی تایبەتی پەروەردە بكرێ دەربارەی ئەم بابەتەوە، دیارە ئیستیشارە كراون، ئەگەر چ تێبینییەک هەیە حەز دەكەین پێشەكی گوێمان لێ بێ. ئەگەر چ تێبینیەک نییە، چ موداخەلەیەک نییە پێشەكی بۆ ئەوەی داخیلی پرۆژەكە بین ودەستی پێ بكەین لیژنەكان، لیژنەی یاسا هیچی هەیە لەم بارەیەوە؟ لیژنەی ئەوقاف چتان هەیە؟ مامۆستا، پێشەكی داخیلی بەرنامە بین جەنابی وەزیریش چ تێبینیەكی نییە؟ فەرموو.

**بەڕێز شێخ مەحمود کاوە شێخ لەتیف/وەزیری ئەوقاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەوەی لەپرۆژەکەدا هاتووە بەتەئکید لەدوو خاڵی سەرەکی خۆی دەنوێنێ کە چڕمان کردۆتەوە، ئەوەیە کە ئەو قوتابخانە ئایینیانە کاتی خۆی بە بڕیاری تایبەت ڕاستەوخۆ بە وەزارەتی ئەوقاف بەستراونەتەوە. چوار قوتابخانەمان هەیە، داوامان کردووە کە بە سێ قۆناغ، قۆناغی ناوەندی کە لە دوای شەشی سەرەتایی قوتابیان وەردەگرێ، پاشان دواناوەندی، پاشان بەدوو ساڵ بۆ تەواو کردنی خوێندنی باڵا (دبلوم عالي)، داوامان ئەوەیە لەپێشنیاردا کە هاتووە بەرابەری بروانامەی قوتابیانمان بکرێن بۆ ئەوەی بتوانن لەکۆلیژی شەریعە وکۆلیژی ئاداب بەشی خوێندنی ئیسلامی وەربگیردرێن هەر ئەوەندەمان هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسا، فەرموو کاکەڕەش.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە پرۆژەکەی ئەو کۆبوونەوەی پێشوودا کە ئامادە کرابوو ئەوەی کە جەنابی وەزیری ئەوقاف فەرمووی ئەو قوتابخانە ئایینیانەی کە سەر بەوەزارەتی ئەوقافن بڕوانامەکانیان لەقۆناغی ناوەندی و دواناوەندی بەرابەر بکرێ بە بڕوانامەی ناوەندی و دواناوەندی، بەڵام کاتی خۆی کە گفتوگۆ کرا بڕیار لەسەر ئەوە درا کە دوابخرێ تاکو ڕای لیژنەی پەروەردە و وەزارەتی پەروەردە وەربگیرێ سەبارەت بەو بابەتەوە پرۆگرامەکان دەستنیشان بکەن ئایا تا چ ڕادەیەک لەگەڵ قوتابخانە ئایینیەکان کە بەرابەری دواناوەندییینە دەگونجێن؟ وە تا چ ڕادەیەک ئەوانە هاوبەشن لەسەر ئەو بناغەیە؟ نووسراوێک لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە ئاڕاستەی ئەنجوومەنی وەزیران کراوە، ئەو نووسراویشمان لەوێ هێنا پێشکەشی سکرتێری پەرلەمانمان کرد. بەڕێز سکرتێری پەرلەمان ئەویش بەدەوری خۆی دایە بەشی کاروباری ئەنجوومەن بۆ ئەوەی بیخەنە ناو فایلەکەوە وبۆ ئەوەی هەموو لەسەر ڕۆشنایی نووسراوەکە کار بکەن، ئەگەر لاتان پەسەند بێ تاکو بیخوێنینەوە بۆ برادەران بۆ ئەوەی گوێیان لێ بێ ڕای بەڕێزتان بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران. بە نووسراوتان ژمارە (٣٣٣٣) لە ١٩٩٦/١٠/٥ نێردراوە دەربارەی بەرابەرکردنی بڕوانامەی ئامادەیی ئایینی لەگەڵ ئامادەیی ئیسلامی وپاشی پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت بۆ ئەو بەرابەر کردنە. لیژنەکە ئەم بەشانەی بۆ ڕوونکردینەوە:

١- وانە ئایینیەکانی ئامادەیی ئایینی بەهێزترە لە ئامادەیی ئیسلامی.

٢- زیاتر لەنیوەی وانەکانیان هاوبەشە.

٣- ساڵەکانی خوێندن لە هەردووکیان وەک یەکە.

بۆیە دەرچووانی ئامادەیی ئایینیەکان ئاستی خوێندنیان وەکو دەرچووانی ئامادەیی ئیسلامیەکانە دەشێ لەکۆلیژە ئایینیەکان بەردەوام بن لەخوێندن لەگەڵ ڕێزماندا، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

سوپاس. لیژنەی پەروەردە چ تێبینیەکیان نییە لەسەر ئەوە؟ باشە ئەگەر چ تێبینی تر نییە، شێخ موحسین فەرموو.

**بەڕێز مـەلا مـوحـسین خـالـیـد مـسـتـەفـا:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

دیارە ئەو پرۆژەی کە هاتووە لیژنەی یاسا مادەی یەکەمی داناوە، جاری پێشوو هەموو گفتوگۆی لەسەر کرا وهەموومان لەسەری کۆک بووین، مادەی یەکەمی کە هاتووە بەپێی ئەو بریارە دانراوە لەلایەن لیژنەی یاسا هەموومان رامان ئەوە بوو لەسەر ئەوەی کە بڕوات ودوایی ئەوە مادەکانی تر ئەو کاتە رایەکمان لەسەری هەیە لەگەڵ ڕێزمان، سەبارەت بەو مادەی کە هاتووە ئێمە هیچ رەخنەیەکمان لەسەری نییە، ڕازین. وەزارەتی ئەوقافیش لەگەڵیان دانیشتووین لەگەڵ جەنابی وەزیر لێمان تۆژیوەتەوە هەر رازین تەنها لە مادەی چواری دەقی پرۆژەکەی ئەنجوومەنی وەزیراندا، ئەگەر مۆڵەت هەبێ ئەوەی ئێمە پێشنیارمان کردووە دەخوێنینەوە کە رامان وایە بکرێتە مادە دووی ئەم بڕیارەی کە لەپەرلەمان دەردەچێت، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

جارێ ئەو پرۆژەیە ئێستا کە لەلایەن لیژنەی یاساوە ئامادە کراوە ئێمە ئەوە دەخەینە گفتوگۆ کردن، ئەگەر شتێک هەبوو لەسەری گفتوگۆی دەکەین ئێمە ئەم بڕیارە تەواو ئەکەین، پاشان، پێش وەخت لیژنەی یاسا راپۆرتی خۆی دەخوێنێتەوە. ئێستا ئەم پرۆژەیە ئامادە کراوە تکایە پێویست بە گفتوگۆ ناکات، با بێینەوە سەر مادەکە، کە مادەکەمان خوێندەوە ئەوجا دەرگای گفتوگۆ ئەکەینەوە. فەرموو کاکەڕەش.

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تأريخ القرار:

قرار

استناداً الى احكام الفقرة الاولى من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءاً على ماعرضه وزير الاوقاف والشؤون الإسلامية ووافق عليه مجلس الوزراء، قرر

مەفهومیان هەیە، ئەم بڕیارەی حکومەتی ناوەندی تاکو ئێستا لە هەرێمدا کاری پێ دەکرێ چونکە لە تەمووزی ١٩٩٠دەرچووە، ئەگەر یارمەتی هەبێ بۆتان دەخوێنمەوە:(تعليمات خاصة للمدارس الدينية التابعة لوزارة الأوقاف والشؤون الدينية في المنطقة الشمالية):
المادة الأولى: تأسيس المدارس الإسلامية في كل من المحافظات أربيل ودهوك والتأميم والسليمانية.
ماده سێی ئەم بڕیاره دەڵێ:(الدراسة في هذه المدارس ثماني سنوات تقويمية تكون الدراسة فيها اللغة العربية، وتقسم إلى ثلاث مراحل دراسية ثلاث سنوات للدراسة المتوسطة و للدراسة الإعدادية ثلاث سنوات وسنتان للدبلوم)، ئەو یاسایە هەروەک ئاماژەم بۆ کرد لە ١/٧/١٩٩٠به ئیمزای وەزیری ئەوقافی عێراقی(عبدالله فاضل عباس)دەرچووە، ئەو یاسایە تاکو ئێستا لە کوردستان کاری پێ دەکرێ، چونکە پێش کێشانەوەی دەزگا ئیدارییەکان لە ساڵی ١٩٩٠ ئەم کارە کراوە، ئەو یاسایە تاکو ئێستا لە کوردستان بڕیاری ڕاگرتنی یان هەڵوەشاندنەوەی نەدراوە، جا نازانم ئەوە بۆ وا هاتووە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر زەحمەت نەبێ تۆزێک بۆمان روونتر بکەی، ئەوە یاسایە یان ڕێنماییە؟

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو یاسا دەرچووە، یاسا بۆ قوتابخانە ئایینیەکانی سەر بە وەزارەتی ئەوقاف، ڕێنمایی پەیڕەوی ناوخۆی بۆ ئەوان دەرچووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەزیر مافی هەیە یاسا دەربکا؟.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مافی نییە، بەڵام وەکو ڕێنمایی زیادە لەوانەیە بڕیارێک دەرچووبێ، ژمارەی بڕیارەکەی نازانن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک د.قاسم، کاکەڕەش ڕونکردنەوەیەک؟ فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ڕێنماییەی کە بەڕێز د.قاسم ئاماژەی پێدا پەیوەندی بە پەیمانگای(الائمة والخطباء)ەوە هەیە، پەیوەندی بە ئیشی ئێمەوە نییە، ئەو قوتابخانە ئایینیانەی کە تاکو قۆناغی ناوەندی و دواناوەندی هەیە، کاتی خۆی خولێک لە وەزارەتی ئەوقاف کرابۆوە، پەیمانگایەکیان کردبۆوە

ناویان لێ نابوو پەیمانگای(الائمة والخطباء) قوتابیانی دوو ساڵیان دەخوێند. لەو دوو ساڵەدا دبلۆمیان وەردەگرت. ئەمە ئێستا نە باسی دبلۆم دەکەین نە پەیوەندیمان بەو پەیمانگایەوە هەیە، تەنیا ئەو قوتابخانە ئاینییانەی کە سەر بەوەزارەتی ئەوقافن دوو جۆر قوتابخانەمان هەیە، هەندێکیان قوتابخانەی ئیسلامینەو ئەو بروانامەیان بەرابەرە، بەشێکیان ناویان قوتابخانەی ئاینییە بەوەزارەتی ئەوقاف بەستراونەتەوە. دەمانەوێ بروانامەی ئەوانیش وەکو بروانامەی قوتابخانە ئیسلامییەکان بێ بۆ ئەوەی لەو دوو جێگایە وەربگیرێن، لەکۆلیژی شریعەو بەشی خوێندنی ئیسلامی، کۆلیژی ئاداب باسی ئەو پەیمانگایە ناکات. دوایی ئەو پەیمانگایەی کە کاک د.قاسم ئاماژەی پێدا هەر لە بنەڕەتەوە بە یاسا دانەمەزراوە لە بنەڕەتەوە بە ڕێنمایی دیوانی سەرۆکایەتی دانەمەزراوە و وەزارەتی ئەوقاف ڕێنمایی لەسەر بڕیاری دیوانی سەرۆکایەتی دەرچوواندووە و لەسەر پێڕەوی ئالقەکانی کاتی خۆی گەڕاندویەتیەوە لەسەر پێڕەوەکەی و دایناوە، ئێستاش لەگەڵ برادەرانی لیژنەی ئەوقاف قسەمان کرد ئەو پەیمانگەیە بە وێنەیەکی تر چارەسەری بکەین، هەوڵ دەین پرۆژەیەکی تایبەتی بۆ بکەین کە ئێستا هەیە بۆ ئەوەی بتوانین دراسەتی بکەین وچارەسەری بکەین بە هەماهەنگی لەگەڵ خوێندنی باڵادا ولەوانەیە برادەرانی ئەوقاف ئەگەر تێبینیان هەبێ چونکە قسەمان لەسەر کرد ئەوانیش تۆزێک ئەو بابەتە ڕوون بکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە بۆچوونی من ئەوەی کاکەڕەش لێک جیاوازن، ئەوە پەیمانگا نییە، بەڵکو قوتابخانەی ئیسلامینە هەر وەکو بەڕێز ئاماژەی پێدا فعلا دوو جۆرە قوتابخانەی ئاینی لە کوردستاندا هەیە، یاساکە کاری پێ دەکرێ(نافذ المفعول)، بەڵگەش بۆ ئەوە ساڵی خوێندنی ٩٦-٩٧ دوو قوتابی ئەم قوتابخانانە لە کۆلیژی شەریعەی دهۆک وەرگیران، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەم قوتابخانانە پەیمانگا نییە، ئەوانە قوتابخانەی ئاینینە ئێستا لە دهۆک هەیە، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مۆڵەت بدە مانای ئەو قوتابخانانەی کە ئێستا ئێمە ئەو بروانامەیان بۆ بەرابەر ئەکەین لە کوردستاندا هەیە وەکو ئەخوێنن وئەو قۆناغانەی لەو نووسراوە قۆناغەکانی ناوەندی و دواناوەندی تێدا دەستنیشان کراوە کە دوو ساڵی دوای دواناوەندی دەیخوێننەوە جارێکی تر.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەری ناونیشانەکە دەڵێ:( التعليمات الخاصة بالمدارس الدينية التابعة لوزارة الاوقاف و الشؤون الدينية والمدارس الدينية).

المادة الثالثة: مدة الدراسة في هذه المدارس ثمان سنوات تقويمية تكون الدراسة فيها باللغة

العربية وتقسم على ثلاثة مراحل دراسية، ثلاث سنوات للدراسة المتوسطة والدراسة الاعدادية ثلاث سنوات وسنتان للدبلوم.

واته پەیمانگا نییە، قوتابخانەی ئاییینیە تاکو ئێستا لە دهۆک هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە قوتابخانەی ئاییینی بە هەمان قۆناغەکانی خوێندنی کە ئێستا تەشریعی ئەکەین هەیە؟

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ هەمان شتە بە بەڵگە ساڵی خوێندنی ٩٦ـ٩٧ دوو قوتابی لە کۆلیژی شەریعە وەرگیران وسەر بەم قوتابخانانە بوون ئێستا لە قۆناغی یەکەمن، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی ئێستا کاک د. قاسم فەرمووی دامەزراندنی ئەو قوتابخانانەیە، ئێمە ئەو قوتابخانانە دانامەزرێنین. ئێمە بروانامەی قوناغی ناوەندی و دواناوەندی ئەم قوتابخانانە بەرابەر ئەکەین، بە ناوەندی و دواناوەندی خوێندنی سەر بە وەزارەتی پەروەردە. کە بتوانن لەوێ دەوام بکەن، ئێستا فەرمووی دوو قوتابی لەکۆلیژی شەریعە ئێستا دەوام دەکەن راست دەکەن لەکۆلیژی شەریعەی دهۆک دەوام دەکەن، بەلآم لە زانکۆی(صلاح الدين) لە هەولێر دەرچووانی قوتابخانەکانی سەر بە وەزارەتی ئەوقافیان لەکۆلیژی ئاداب وەرنەگرت، کە چی بەشی خوێندنی ئیسلامیان لەکۆلیژی ئاداب دا وەرنەگرت لەبەر ئەوەی بڕیاری بەرابەر کردنی بروانامە دەرنەچوو بوو، ئەوەی کە کاک دکتۆر دەفەرمووێ ئێستاش پەیمانگایەک هەیە داوایان کردووە، لە پرۆژەکە هاتووە کە پاش ئەو قوتابخانەیە ئەگەر بچن دوو ساڵ بخوێنن دوو ساڵی تەقویمی دبلۆمیان بدەنێ، ئێمە باسی بروانامەی دبلۆمان نەکردووە ئێمە قۆناغی ئەو شەش ساڵەی سێ ناوەندی و سێی دواناوەندی بەرابەری ناوەندی ودواناوەندی سەر بە وەزارەتی پەروەردە دەکەین بۆ ئەوەی مافیان بدەینێ بتوانن لەکۆلیژی شەریعە ولەکۆلیژی ئادابی بەشی خوێندنی ئیسلامی دەوام بکەن، تەنیا بەرابەری بروانامەکەیان دەکەین بۆ ئەم مەبەستە، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئەم بروانامانە بەرابەر نەبێ چۆن ئەوانەی باسم کرد لە کۆلیژ وەرگیراون، پرسیارەکەی من لە لیژنەی یاسا ئەوەیە: ئایا ئەم دوو قوتابیە چۆن وەرگیراون؟ بۆ زانینتان ئێستا لە قۆناغی یەکەمن بە قبوولی مەرکەزی بوو نەک بە قبوولی فەردی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەم بابەتە بۆ ئێمە شتێکی تر دەرچوو، واتە نادیارە، جارەکەی تر ئێمە [illegible]

هەبوو لەسەر وەزارەتی پەروەردە، ئێستا ئێمە ئەگەر بڕیاری شتێک بدەین کە لە بنەڕەتدا یاسا نییە، ئێستا ئەتانەوێ ئێمە لێرە شایەدیەک بەشتێک بدەین کە لە بنەڕەتدا یاسا نییە ئەو قوتابخانانە هەنە کە بە بڕیارێکی وەزیری ئەوقاف دروست بووە. هەمان سالآنی خوێندنی ناوەندی ئەوەندە بێ، دواناوەندی ئەوەندە بێ، دوو سالیش بخوێنن، ئێستا ئەتانەوێ ئێمە، پەرلەمانی کوردستان، تصدیقی ئەو شتە بکەین کە لە بەرنامەی ئێمەدا نەبووە ئەوە بابەتێکە بۆ ئێمە کتوپڕ بوو، چونکە وایان بە ئێمە نەگوت، نەلیژنەی ئەوقاف نە لەناو خودی پرۆژەکە هاتبوو ئاماژە بکەن بەو خەلفیاتە بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان ولیژنەکانی پەرلەمان بە تێروتەسەلی گفتوگۆی ئەم لایەنە بکەن، وەزارەتی پەروەردەش دەبووا بەتێروتەسەلی تەماشای بارەکەیان بکردبایە، واتە ئێستا ئێمە دێین بڕوانامەی پەیمانگا ئەدەین بەخەلکێک کە نازانین بەڕاستی چۆن ئەو قوتابخانانە کراونەتەوە، لەسەر چ بنامەیەک بووە؟ وەکو دەرکەوتیش بە ڕێنمایی وەزیری ئەوقافی حکومەتی ناوەندی بووە، جا ئەو بابەتە هەقە ئەندامانی پەرلەمان هەلوەستەیەکی لەسەر بکەن وباش روونی بکەنەوە، فەرموو مامۆستا.

**بەڕێز مەلا موحسین خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خوێندن لەم قوتابخانانە هەشت سالە، لە وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی مەرکەزی بەپێی ڕێنمایی ئەو هەشت سالەی سێ قۆناغی دیاری کراوە وەکو د.قاسم ئاماژەی بۆ کرد، بەلام ئەم ڕێنماییە سەبارەت بە هەرێمی کوردستانی خۆمانەوە ورەسمیەتی بڕوانامەکەیان ئیعتباری پێ نەکراوە، ویاسای بۆ دەرنەچووە، وبەپێی یاسا هیچ دەسەلاتێکی ئەوەی نەبوو کە شەشی پەیمانگا شەشی ئەو قوتابخانە ئایینیەی سەر بەوەزارەتی ئەوقافە بتوانن لە کۆلیژەکانی تایبەتی وەربگیرێن ورەسمیاتی لە دامەزراندنیان نەبووە، تەنها خوێندنەکەیان هەبووە تاوەکو ئەو حالەتەی کە هەبووە بۆیە لە پرۆژەی وەزارەتی ئەوقاف وئەنجوومەنی وەزیران کە هاتووە داوا کردنەکە لە دوو قۆناغدا هاتووە، قۆناغی یەکەم: بڕوانامەی ناوەندی ببێتە رەسمی وبەرابەر بێ لەگەل براوانامەی ناوەندی سەر بەوەزارەتی پەروەردە. لەگەل بڕوانامەی دواناوەندیشیان بەم شێوەیە بەرابەر بکرێت. بەهەمان شێوە هیچ زیادەیەکی لێ نەهاتووە تەنها ئێمە لەپرۆژەی یاساکەدا یاسایەکی زیادە نایکەین، چونکە شتێک ناکەین جێگیر بووبێ و دووبارە جێگیری بکەینەوە، بەلکو شتێک ئەکەین کە بەرابەری بڕوانامەکەیان بەرەسمی لە بڕوانامەیەکی رەسمی بکەین کە بتوانن لەکۆلیژەکان بخوێنن، ئەوەش کە د. قاسم ئاماژەی پێدا کە لەکۆلیژی دهۆک وەرگیراون، بەلێ کۆلیژی دهۆک سالآنی رابوردوو رەسمیەتی نەبوو، هەر قوتابیەک هەتا مۆلەتنامەی زانستیشی هەبووایە پێش تەصدیقی پەرلەمان ئەوان وەریان ئەگرت، بەلام دوایی ئەوەی کە رەسمیەتی وەرگرت ئێستاکە پابەندە بە قەبوولی مەرکەزی. ئێستا کۆلیژەکانیش وکولیژەکانی ئیسلامی لە هەولێرو لەسلێمانی ناتوانن ئەو قوتابیانە وەربگرن تەنها ئەبێ ئەم یاسایە دەربچێ لەگەل ڕێزماندا، سوپاس.

**بەڕێــز ســــــــەرۆکی ئــەنجــــــــومــــــــەن:**

دوو لایەن لەم بابەتەدا هەیە تکایە ئەوانەی گفتوگۆ دەکەن لەسەر ئەم خاڵە بێت. ئەو شتەی کاک د.قاسم خستوویەتیە روو ببڕێنینەوە دوای ئەوە دێینەوە سەر خاڵەکانی تری ئەم مادەیە. لەم بابەتە دوو شت هەیە ئێستاکە ئەبێ روون بێتەوە (١) ئەم قوتابخانانە هەبووە پێش ئێستاکە بەڵام پرسیارەکەی من ئەوەیە بۆ دروست بوونی ئەم قوتابخانانە پێش ئێستاکە دەقێکی یاسایی هەیە، یان نا؟ یاخود ڕێنمایی هەیە بۆ کردنەوەیان؟ واتە یاسایەک هەیە ئەو قوتابخانانەی پێ دامەزرابێ هەتاکو ئێستا بێین دان بە بڕوانامەکەیانا بنێین؟ ئەگەر دەقێکی یاسایی هەیە، پێش ئێستاکە دان بە بڕوانامەکەیان نراوە وەکو پەیمانگا تا ئێمە بێین تصدیقی کەین. لێرە پرسیارێکی تر هەیە لەبارەی ئەم بابەتەوە کە ئەوانەی قبوول کراون لە شەریعەی دهۆک پار قەبووڵ کراون، چۆن وەرگیراون؟ کاک د.قاسم فەرموو.

**بەڕێــز د. قـــاسم مــــحــــەمـــــەد قـــاسم:**

**بەڕێــز ســــــــەرۆکی ئــەنجــــــــومــــــــەن.**

قبووڵ کراون قبوڵیش مەرکەزی بووە، سوپاس.

**بەڕێــز ســــــــەرۆکی ئــەنجــــــــومــــــــەن:**

جا ئێستا حەز دەکەم ئەو برادەرانە کە مداخەلەیان هەیە لەسەر ئەو بابەتە ناوەکانیان ئەنووسین، کاک د.ناسح فەرموو.

**بەڕێــز د. نــاسح غـــــەفــــــور رەمـــــەزان:**

**بەڕێــز ســــــــەرۆکی ئــەنجــــــــومــــــــەن.**

ئەم قوتابخانانەی وەکو باس کران فعلا ماوەیەکی زۆرە لە پێش ڕاپەڕینەوە هەن، بەڵام لەدوای ڕاپەڕینەوە کە کۆلیژی شەریعە لە دهۆک کرایەوە قوتابی ئابینیەکانی ئەو قوتابخانەیان وەرئەگرت، بەڵام کۆلیژی شەریعەکەی بووە رەسمی؟ پار ساڵ ١٩٩٦ کە من ئەو کاتە لە وەزارەتی پەروەردە بووم، ئێمە دانمان پێ دانا تاکو خرایە سەر زانکۆ، ئینجا ئێستا بەشێکە لە زانکۆی دهۆک. هەڵبەت کە ئەوانە وەرگیران واتە ئێمە شەرعیەتێکیشمان داوە بەو قوتابخانە ئابینیانە، مەبەستم لە قوتابیەکانی کە لە دەرچووانی دواناوەندی ئابینین یان هی پەیمانگە وەکو خۆیان ناویان لێ ناوە. جا شەرعییەتەکەی پێ دراوە بەڵام بێگومان پێویستی بەوە هەیە کە بەیاسا شەرعییەت بەوە بدەین، لەسەر ئەم خاڵە من هەر تەنیا ئەمەم هەیە، سوپاس.

**بەڕێــز ســــــــەرۆکی ئــەنجــــــــومــــــــەن:**

سوپاس. کاک ڕەجەب فەرموو.

**بەڕێــز ڕەجــــــەب شـــــــەعـــــبـــــان تەیب:**

**بەڕێــز ســــــــەرۆکی ئــەنجــــــــومــــــــەن.**

من پشتگیری شێخ موحسێن دەکەم. ئەوە کاتی خۆی بە یاسا نەبووە، بەڵکو بە

بۆیە پێویستە یاسایەکی بۆ دەرکەین، دوو جۆرە قوتابخانە هەن، هەندێک هەن وەکو گوتمان، پەیمانگای ئیسلامیە سەر بە پەروەردەن، ئەوانەی ئێمە لەبەر دەستمان دایە سەر بە ئەوقافن، لەبەر ئەوە دەبێ یاسایەک دەربچوێندرێ ئینجا گفتوگۆی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێک لە برادەرانی یاسازان دەکەم. من پێم وایە هەندێ شت لە سەرۆکایەتی کۆماری یان لەدیوانی سەرۆکایەتی دەرچووە هەندێ بریار هێزی یاسایان هەبووە، ئینجا ئایا ئەمەکاتی خۆی کە دەرچووە هێزی یاسایی هەبووە یان نا؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک محەمەد حەسەن فەرمووو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر یاسایەک یان بریارێک لەلایەن سەرکردایەتی شۆڕشەوە دەربچێت وەکو کاک فرەنسۆ فەرمووی هێزی یاسایی هەبووە، بەڵام لە هەمان یاسادا ئەڵێت (علی الوزیر المختص اصدار التعلیمات) جا ئەو ڕێنماییەی کە لە وەزارەتەوە دەرچووە هیچ هێزی یاسایی نییە، دەبێت یاسایەک هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک محەمەد، باسی دیوانی سەرۆکایەتی دەکات، باسی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش(مجلس قیادة الثورة) ناکات بڕیارەکانی دیوانی سەرۆکایەتی یاساییینە؟

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاسایی نییە. ئەگەر یاساییش بێت دەبێت ڕێنمایی بۆ دەربچێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە سوپاس، مانای ئەوەیە ئەمەی کە ئێستا ئێمە دەیکەین بەڵگەیەکی یاسایی نییە، واتە ئێمە بڕوانامە بەرابەر دەکەین بێ بەڵگەیەکی یاسایی، باشتر نییە ئێمە یاساکەی تەصدیق بکەین، ئینجا بەرابەری بڕوانامەی پێ بکەین؟ ئەمە گرفتێکە وەکو ئەڵێن هێشتاکە هیچ نەبووە ئێمە دێیین بەرابەری بڕوانامەیەک ئەکەین و ئەیکەن بە پەیمانگا لەکاتێکدا بەیاسا هەر نییە، بۆیە باشتر وایە یاساکە ئامادە بکرێت، پاشان لە چوارچێوەی یاساکەدا بڕوانامەکەشی دانی پێ دابندرێت، بۆیە ئەبێ یاساکەی بۆ ئامادە بکرێت و ئەگەرنا شتێ کە یاسا نەبێت ئێمە بیکەین بە یاسا. ناوەکان ئەنووسین چونکە بابەتەکە گرنگە با تەواوی کەین، کاک سەعید فەرمووو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئاشکرایە لە یاسای وەزارەتدا ئەگەر بێتوو یاسا دەرچێ ڕێنمایی دەردەچێ، دیارە یاساکە هەبووە، هەر وەکو کاک د.ڕزگار ڕێنماییەکەی خوێندەوە بۆیە وەزیرەکە ڕێنمایی دەرهێناوە بۆ درێژەدانی ئەو یاسایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەکوێیە یاساکەی؟.

**بەڕێز مەلا موحسین خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە نووسراوێکی ڕەسمییە ژمارە (١١٢٠) لە ٢٣/١١/١٩٩١ ئەڵێ (حصلت الموافقة على المقترحات الواردة في كتابكم المرقم) ئەوەندە ڕەزامەندی سەرۆکی کۆمار(ئەحمەد حەسەن بەکر)هاتووە، بە ئیمزای سەرۆکی دیوانی کۆماری مانای ئەوە ئەوەیە بەپێی ئەم نووسراوە ڕەزامەندییە کە هاتووە بۆ ئەو ڕێنماییەی کە دراوە بۆ دروست کردنی ئەو قوتابخانە ئایینیانەی سەر بەوەزارەتی ئەوقاف (حصلت الموافقة) مانای ڕەزامەندی سەرۆکی کۆمار دەرچوو لەسەری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەرج نییە، هەموو ڕازی بوونێک یاسایی بێت. ئێستاکە ئێمە لێرە سەرۆکی وەزیرانمان و سەرۆک پەرلەمانمان هەیە و هەموو ڕەزامەندییەکی وەزیر مەرج نییە یاسایی بێت. سەرۆک کۆمار لەوانەیە ڕۆژێ(١٠) پێشنیاری بۆ بێت لەسەر هەموویان ڕەزامەندی بکات، پێشنیارو یاسا جیاوازی هەیە، جا باشە ئێمە ناتوانین بگەڕێینەوە بۆ وەقائعی عێراقی تا بزانین ئەو یاسایە هەیە یان نییە، وا نییە؟ چونکە من بەباشی نازانم شتێ تەصدیق کەین کە یاسایەکەی نەبێ با یاساکەی بۆ دابڕێژین، تەصدیقی بڕوانامە خۆی ئۆتۆماتیکیەن دەبێ، هیچیش لە بارەکە ناگۆڕێ وابزانم، کاک د.قاسم محەمەد فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەک من پرسیارم لە برادەران کرد، وەکو کاک محەمەد حەسەن باڵەتە ئاماژەی بۆ کرد بڕیارەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش(مجلس قيادة الثورة)ی عێراقی هێزی یاساییان هەیە ئەوە یەک، دووەم یاساکە بەو ڕێگەیە، من تەنها هێما بۆ نووسراوێک بکەم ئەو نووسراوە بە ژمارە ٨/١٥، واتە ٨ر١٥(مصنفة سري وشخصي) لە ١٢/٣/١٩٩٠ ئەگەر مۆڵەت هەبێ پێشنیارێکی بخوێنمەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرمووو ئەگەر پێتانە بیخوێنەوە.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

محضر الاجتماع:

عقد اجتماع بتأريخ ١٩/٧/١٩٩٠ برئاسة السيد الوزير وبحضور الشيخ بشير الاتروشي الامين العام لإدارة شؤون الاوقاف لمنطقة الحكم الذاتي والسادة وكيل الوزارة ومدير عام دائرة المؤسسات الدينية ومدير عام الدائرة الادارية والمالية والدكتور حمد الكبيسي، محمد احمد التكريتي، ومدير الحسابات ومدراء الاوقاف في منطقة الحكم الذاتي ومسؤول شعبة المدارس الدينية وقد تضمن محضر الاجتماع مناقشة موضوع المدارس الدينية في المنطقة الشمالية وقد كانت التوجيهات.

ئەم خاڵە درێژە ئەمەش تەئكیدە كە یاسایە، بەڵام برگەی یاساكە داوای لێبووردن دەكەم چونكە من نەم دیوە، وە من بەدوایدا گەڕاوم بەڕێوەبەری ئەو قوتابخانانە دەڵێن یان یاسایە یان بڕیاری ئەنجوومەنی سەرۆكایەتی شۆڕشە، ئەم ڕێنماییانەی وەزیر كەوا هەیە بۆ ئەم بڕیارە ئەوە هەر بۆ زانیاری بوو تا سوودی لێ وەرگیرێت. هەندێ زانیاریشم هەیە ئەگەر مۆڵەتم بدەن بیانخەمە ڕوو.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوە ئێستا بەرچاو خراوە، قوتابخانەكانی ئایینی ئێستا لە دهۆك هەنە كە بەدوو قۆناغە ناوەندی ودواناوەندی، دەرچووی پۆلی شەشەم وەردەگرن بە مەرجێ لە تاقیكردنەوەی تەقدیری سەركەوێ، دەرچووی مزكەوتەكان وەرناگرێ، واتا ئەو كەسانەی لە مزگەوت دەردەچن دەبێ ئەوانیش تاقیكردنەوەی تەقدیری بكەن وسەركەون ئینجا قبوڵ دەكرێن، بە هەمان شێوە بۆ ئامادەییش، هەر وەك ئاماژەم بۆ كرد ساڵی خوێندنی ٩٦-٩٧دوو قوتابی وەرگیران، هەر وەك بڕیارە دەبێ(١٠)یەكەمەكانی ئەو قوتابخانانە وەربگیرێن، پرۆگرامی خوێندنیان لەناوەندی بەم شێوەیەیە:

قۆناغی یەكەم: تلاوەو لەبەر كردن وراڤە كردنی قورئان وفەرموودەكانی پێغەمبەر(حدیث) و (الدین/الفقە)، نحو، صرف، عقیدە، مێژوو، ئنگلیزی، كوردی، بیركاری.

قۆناغی دووەم: لەسەر ئەوانە دوو بابەتی دی زیاد دەبن(تجوید لەگەڵ جغرافیا)هەروەها لە قۆناغی ئامادەیی زیاد لەسەر ئەم وانانە وانەی زانستی قورئان وزانستی ڕەوانبێژی، واتە ئەوانە هەموو تەئكید بوو لەسەر ئەوەی ئەم قوتابخانانە یاسای خۆی هەیەو هەر هەموو لە ئەنجوومەنی

سەرکردایەتی شۆڕش(مجلس قيادة الثورة) دەرچووە ئەو ڕێنماییانەی وەزیریش هەر لەڕوانگەی ئەم یاسایە بووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئێمە چۆن بزانین ئەوە یاسایە؟ کاکە محەمەد حەسەن فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی بەڕێز د.قاسم ئەفەرمووێت لە مانگی (٧)ی ساڵی (٩٠) دەرچووە حەتمەن ڕێنمایی هەر لە دوای یاسادا دەردەچێ، دەبێت یاسا هەبێت یان بڕیارێ هەبێ لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشێ(مجلس قيادة الثورة) ئەو ڕێنماییانە دەرچووە ئەگەر ئەو یاسایە ساڵی (٩٠)دەرچوو بێ من وای بە باش دەزانم بگەڕێن ئەو یاسایە بدۆزنەوە، ئەگەر کاک د.قاسم ژمارە و مێژووی ئەو یاسایەی بدا بایە بە ئێمە زۆر مەمنوون دەبووین، یان لە وەقائیعی عێراقی ساڵی (٩٠)دا هەیە ئێمە بگەڕێین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس. کاک سەفەر محەمەد فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە گفتوگۆکەدا وا دیارە کە دوو جۆر قوتابخانەی ئایینی هەیە، ناوەندیی و دواناوەندیی ئایینی و قوتابخانەکانی ناوەندیی و دواناوەندیی خوێندنی ئیسلامی. قوتابیانی قوتابخانەکانی ناوەندیی و دواناوەندیی خوێندنی ئیسلامی پێشتر لە کۆلیژی شەریعەی بەغدا وەردەگیران وابزانم پەیڕەوی خوێندن و بڕوانامەکانیان بە یاسا بڕیاری لەسەر دراوە، بەڵام وەک صیفەتی یاسایی بەڕاستی وا دیارە قوتابخانە ئایینیەکان کە لە بنەڕەتدا صیفەتێکی یاسایی نەبووە، شەرعیەتێکی یاسایی نییە. جا کە لە بنەڕەتدا شەرعیەتی یاسایی نەبێت ئێمە چۆن بێین ئەنجامێکی شەرعیەی یاسایی بدەینێ، هاودژ پەیدا دەبێت ئەوەش وابزانم یاسایی نییەو پێشنیار دەکەم ئەوە دوا بخەین بۆ ئەوەی زیاتر دراسەتی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا مەلا سەدیق وەکو پسپۆڕێک لەگەڵ جەنابی وەزیری ئەوقاف هاتووە لە وەزارەتی ئەوقافەوە تەنها بۆ ڕوون کردنەوەی ئەم مەسائیلانە لەگەڵ خۆی هێناویەتی، با بفەرمووێ.

**بەڕێز مامۆستا مەلا سەدیق/پسپۆڕ لە وەزارەتی ئەوقاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ساڵی ١٩٨٩ لە ١/١ وەزارەتێ ئەوقاف پێشنیارێکی لەسەرۆکایەتی کۆماری داواکرد بە نووسراوی(٢٣٦٩) لە ١/١١/١٩٨٩ کە پرۆژەی(احياء المدارس الدينية في المنطقة الشمالية)

بکرێ ئەوجا سەرۆکایەتی کۆمار لەسەرئەم پرۆژەیە بەنووسراوی (ژمارەکەی نازانم) رۆژی ١٩٨٩/١١/٢٢ رەزامەندی دەربری.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ، چ یاسا هەبوو؟

**بەڕێز مامۆستا مەلا سەدیق/پسپۆڕ لە وەزارەتی ئەوقاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر، بەڵام پشت بەسترا بەوەی دەڵێت (حصلت الموافقة).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ ئەوە باسی کرد گرفتی ئێمە مەسەلەی یاساییەکەیە، جا مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برادەران دیارە هەر کەسەو بۆچوونی خۆی هەیە، بەڵام حەز دەکەم من شتێ بەرچاوتان بخەم، ئەو قوتابخانانە لە ساڵی (٩٠)دا دروست بوونە (احیاء مدارس) کاتی خۆی بووە کەوا وەزارەتی پەروەردەی عێراقی بڕوای پێ کردووە. مەلایانی باش وپیاوانی هەڵکەوتووی چاک وەکو مامۆستا عەبدولکەریم مدرس هەوڵی بۆ داوە کە (احیاء) ئالقەکان بکاتەوە یەکەم بڕیار کە دەرچووە لەسەر بنەڕەتی ژیاندنەوە کە بڕیاری ئەنجومەنی شۆڕش بووە کاتی خۆی (٥) قوتابخانە لە کوردستان لەسەر ئەم بڕیارە دامەزراوە (٥)ی تریش لە ناوچەی باشوورو ناوەند دامەزراوە، قوتابیانی قۆناغی(٦) شەشەمی ئەو قوتابخانانە کە تخرج دەکەن لە کۆلیژەکانی زانکۆکانی عێراق لە خوێندنی ئیسلامیدا لە زمانی عەرەبی و لە شریعەی ئیسلامی وەرئەگیرێن. حاڵی حازر سەبارەت بە ئێمەوە بۆشاییەک، چونکە نامە گۆڕینەوە لە نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی مەرکەزی دا نییەو یاسایەکە دەستی ئێمە ناکەوێت، لە راستیدا ئەو قوتابییانەش خاوەنی مافێکن، واتە ئەوەی کە خوێندویانە هەتا ئەوەی کە مۆڵەتی زانستی هەیە لای مامۆستایەک بەمۆڵەتی تاقە مامۆستایەک ئەتوانێ بێ لە وەزارەتی ئەقاف تاقیکردنەوەیەکی کاتی بدات بروانامەی بەرابەری بە بروانامەی شەشی خوێندنی ئیسلامی وەرئەگرێ وکاری دەڕوا لە کۆلێژی شەریعەی دهۆک دەوام دەکات. ئەوانە رادەی زانیارییان طبعا لەقوتابیانی خوێندنی ئیسلامی زیاترە لەوانەیە کە موجازن لای مامۆستاکان هەوڵ و تێکۆشانی چاکیان هەیە وەزارەتی ئەوقاف گرنگیەکی پێ داون، واتە ئەوەی کە بەرهەمی وەزارەتی ئەوقافە بەکردەوە ئەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەرچەند قسەکانت دەبڕم مامۆستا ئێمە گفتوگۆی رادەی زانیاری ناکەین، تەنها گفتوگۆی یەک خاڵ دەکەین، ئەم بروانامەی ئێستاکە، پەرلەمانی کوردستان بڕیارێک ئەدات ئەمانە بکات بە دەرچووانی پەیمانگا بناغەیەکی یاسایی هەیە یان نا؟ ئەگەر بنچینەی یاسایی هەیە موشکیلە

نییه، ئەگەر نییه بۆ ئەوەی خاوەن پێشنیار ئاگادارکەینەوە یان پرۆژەیەک پێشکەش کات یان داوا لە پەرلەمان کات پرۆژەیەک بکات، تەنها پرسەکەی ئێمە ئەوەیە، پەیوەندیمان بە رادەوە نییە.

**بەرێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جا ئەگەرمۆڵەت بفەرموی ئەگەر قۆناغی (٦)ە کەیان بەرابەر بێ بە قۆناغی(٦)ی خوێندنی قوتابخانە ئیسلامیەکان، ئێستا لەو دەمەدا قۆناخی پەیمانگا لێ دەگەرێین ئێمە قۆناخی ئەم دوو ساڵەگفتوگۆ بکەین.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دیسان تەئکید دەکەم دەڵێم ئەم مەکتەبانە ئێستاکە بناغەیەکی یاساییان هەیە یان نییە؟

**بەرێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ، بنچینەی یاسایی هەیە

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ، ئێمە ئەوەمان دەوێت.

**بەرێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

واتە قوتابخانەکانی ئاینی حەلەقاتە، لە کوردستان کاتی خۆی بووە.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا ئێمە ئەو یاسایەمان ئەوێت بۆ ئەوەی سودی لێ وەرگرین، ئەو بەڵگەمان ئەوێ ببینین وەک بناغە قسەی لە سەر بکەین،ئەو یاسایە چی یە ؟

**بەرێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنیا دوو قسەت بەرچاو دەخەم یەکەم: «إحیاء» حەلەقاتی ئەو قوتابخانانەیە، دووەم لەناوچەی باشوورو ناوەندی عێراق دەرچووانی شەشی ئەو قوتابخانانە لە کۆلیژەکان دەوام دەکەن، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە با ئەو یاسایە بدۆزینەوە، خۆ زەحمەت نییە، موشکیلەش نییە، یاساکە چی یە؟ ژمارەی چەندە، کەی دەرچووە؟

**بەرێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەبێ رێگەیەک بدۆزینەوە بۆ ئەوەی یاساکە پەیداکەین، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو قوتابخانە ئایینیانە هەر وەک کاک سەفەریش گوتی بنچینەیەکی یاساییان نییە، تەنها پێشنیاری(شێخ بەشیر)ەکە بەڕێوەبەری گشتی ئەوقافی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ئەوکاتە بووە، لەوەزارەتی ئەو کات گفتوگۆیان کردووە ناردراوە بۆ دیوانی سەرۆکایەتی، ئەبا ئیمزای سەرۆکی کۆماریشی لە سەربا، کە چی تەنها بەرێنمایی دەرچووە، واتا هیچ یاسایەکی پێ دەرنەچووە تەنها رێنماییە بۆ ناوچەی ئۆتۆنۆمی، تەنانەت زۆربەی قوتابخانەکانی لەم جۆرە تاکو ئێستا لە هەرێمدا پابەند نابن بەم رێنماییانە، چونکە لەو رێنماییانە هاتووە دەڵێ ئەوەی لەو قوتابخانانە وانە بڵێتەوە دەبێ بەلایەنی کەم بەکالۆریۆسی لە کۆلیژی شەریعە یان کۆلیژی فقهی هەبێ بەڵام ئێستا هەیە لەو قوتابخانانە وانە دەڵێنەو بڕوانامەی تەنها سێیەمی ناوەندی هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من حەز ناکەم بەدوورو درێژی بچینە ناویەوە، سەنەدە یاساییەکەمان پێویستە، بەڵگەکمان پێویستە بۆ ئەوەی پشتی پێ ببەستین تاکو بیکەین بە بڕیارێک، ئێمە ئەم چارەسەرەمان دەوێ.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە هیچ پایەیێکی یاسایی نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە سوپاس. کاک د. ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر یاسا هەبووە پێشتر لە حکومەتی عێراقی دەرچوبوو، ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان یاسامان بۆی دارشتووەتەوە، پێدەچێ باشترین شت ئەوەبێ یاسایەک بۆ ئەو قوتابخانانە لێرە لە پەرلەمان دابنێین، بڕیاری لە سەر بدرێت، ئەوە هەڵوێستی ئەو قوتابخانانەش بەهێز دەکات، لەگەڵ بڕوا نامەکانیان، دوایی بەرابەری بڕوانامەکە بەپێی رێنمایی و زەوابتێک دەردەچێ، واتە یاسا بۆ بەرابەری بڕوانامەی ئەو قوتابخانانە دانرێت، ئەوەش دەبێتە دەرئەنجام (تحصیل حاصل )، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز شێخ مەحمود کاوە شێخ لەتیف/وەزیری ئەوقاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو دانیشتنەکەی پێشوو دوامان خست هەوڵماندا کەبنچینەی یاساکەمان دەست بکەوێت

وناردیشمان بۆ ئەو قوتابخانانەی کە لە بەغدا و موصلن، دیار بوو وەکو بۆمان روون بۆوە ئەوان یاساکەیان لا نەبوو، وایان دیار خستبوو هەر تەنها لە سەر داوای سەرۆک کۆماری عێراق دامەزرابن هەتا ئەوەش بە یاسا ئیشی پێ کراوە پێشتر هەبووە، واتە ئەمە تەنها بۆ بوژانەوە بووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە بۆچوونی من وێنەکە نزیکە روون بێتەوە، فەرموو کاکەڕەش.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو برادەران روونیان کردەوە بابەتەکە ڕێنمایی دیوانی سەرۆکی کۆمارە، دەبێ ئێمە ئەو لەو روانگەوە سەیر کەین عەجەبا سەرەک کۆمار ئەو دەسەڵاتەی هەیە قوتابخانە بکاتەوە یان نییەتی؟ دەبێ بەراستی بەشوێن یاساکەدا بگەڕێین چونکە ئەگەر دەسەڵاتی هەبێ قوتابخانە بکاتەوە، مانای وایە بڕیاری کردنەوەی ئەو قوتابخانانە هێزی یاسای هەیە، دروست کردنی نەک تەنیا بەیاسایەکی تایبەتی بێ، چونکە قوتابخانەی سەرەتایی وقوتابخانەکانی تری پەروەردە یاسایان هەیە، وەزیری پەروەردە قوتابخانەیەک دەکاتەوە خۆ ئەو قوتابخانانە یاسایێکی تایبەتییان نییە، بەو واتایەی وەزیری پەروەردە لە بنەرەتدا مخەوەلە لەکردنەوەی قوتابخانە، هەموو قوتابخانەیەک مەرج نییە یاسایێکی تایبیەتی هەبێ. خاڵێک هەیە لەدەستوری عێراقی دەبێ تەئکیدی لێ بکەین، تەماشا بکەین بزانین رئیس کۆمار ئەو دەسەڵاتەی هەیە یان نیە، چونکە رەزامەندیەکە تەنها لەوێ دەرچووە، جا ئەوەش بەتەئکید پێویستی بە دواخستن هەیە تاکو ئەوە تەئکید بکەین بزانین عەجەبا ئەو دەسەڵاتەی هەیە یان نا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەنیا بۆ تەئکیدە دەسەڵاتی سەرۆکی کۆماریش هەبێ، نابێ! ئەوە بابەتێکی ترە. وابزانم ئەگەر قوتابخانەش بکرێتەوە ئەبێت پێش وەخت یاسا هەبێ تاکو سەرۆک کۆمار پشتی پێ ببەستێ یان وەزیری پەروەردە پشتی پێ ببەستێ تا بزانێ قۆناخی خوێندنی دواناوەندی، قۆناخی خوێندنی سەرەتایی، قۆناخی خوێندنی ناوەندی چەندە، هی زانکۆ بەو شێوانەیە. مەبەستی من دەسەڵاتەکەیە کە لەو یاسایە وەرئەگیردرێ کە پێش وەخت هەیە. ئێستاش ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاسا جێگەی خۆیەتی، بەراستی ئێمە هێشتا لەو بابەتە کاتمان زۆر لە بەردەست ماوە بۆیە ئەگەر لیژنەی یاسا ئەو زەحمەتەمان بۆ بکێشن بە بنچینەی ئەم بابەتەدا بچنەوە بۆ دانیشتنی ئایندە ئەگەر کرا، یان دانیشتنێکی تریش گرفت نییە، ئەو بابەتانەمان بۆ کۆبکەنەوە بۆ ئەوەی بڕیارەکەمان بەرێکو پێکی دەربکەین، واتە گەیشتن بە قەناعەت چارەیەکی یاسایی نییە، پێشنیارێک هەیە بۆ ئەوەی لەگەڵ وەزارەتی تایبەتمەند ولەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیراندا قسە بکەین تاوەکو ئەوان پرۆژەی یاساکە بکەن یاخود لێرە کۆمەڵێک لە برادەران داوایان لێ بکرێت پێی

هەستن، بۆیە باشتر وایە ئەم بابەتە دوابخەین تاکو دانیشتنێکی ئایندە زیاتر ئامادە دەبین . ئەم بابەتە ئەخەینە دەنگدانەوە.کێ لەگەڵ ئەوەیە دوای بخەین؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆرینەی دەنگ دواخرا، زۆر سوپاستان دەکەین. سبەی هەر کاتێ لیژنەی یاسا تەواوی کرد ئێمە پیشانی ئەنجوومەنی ئەدەین وئاگاداری وەزارەتی ئەوقاف دەکەینە بۆ ئەم بابەتە ئەمە خاڵێکە، خاڵی تر سبەی بۆ گفتوگۆی پرسیارەکان جەنابی وەزیری ئیشغال ونیشتەجێ ئامادە دەبێ بۆیە تکا لەو ئەندامانەی پەرلەمان دەکەم کە پرسیاریان بۆ جەنابی وەزیر ئامادە کردووە، سەعات( ١٠ ) لێرە ئامادە بن، دانیشتنەکە بۆ ئەو بابەتەیە.
دانیشتنی ئیمرۆمان تەواو بوو، سوپاس.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

